# بەشدارییەکی فراوانی هونەرمەندانی کورد لە تۆکیۆ



رۆژانی ٨ تا ٢٠٠٦/٧/١٦ ڕێکخراوی JAALA بینالییەکی گەورەی سازدا (بینالی جۆرێك فیستیڤاڵە، کە بەشێوەی خولی یان خوود وەرزی دووبارە دەبێتەوە، بۆ نمونە دەشێت بەدوو ساڵ جارێك بێت) . ئەمساڵ هونەرمەندانی کورد بەشدارییەکی بەرفراوانیان کردو بەشی تایبەت بەخۆیان هەبوو، ئەو هونەرمەندە شێوەکارانەی ئەمساڵ بەشداربوون بریتی بوون لە هەریەك لە هونەرمەندان:( دارا ئارام، ئەلیاس کیرکان، عەلی لەتیف، سمکۆ ئەحمەد، کوێستان جەمال، بەهادین، عومەر رەسوڵ ، پەیمان عەبدولقادر و فاتمە بەرزنجی)، هەروەها گرووپی نمایشی لالش نمایشێکیان سازدا بەبەشداری هونەرمەند(نیگار حەسیب قەرەداغی) و(ئیڤا) کە هونەرمەندێکی نەمساوییە ولە گرووپی لالش دا کاردەکات لە کردنەوەی بینالییەکەدا. هونەرمەند (سمکۆ ئەحمەد) کەسەرپەرشتیاری بەشی خۆرهەڵاتی ناوەراست و ئەمریکای لاتینی ڕێکخراوی (JAALA) یە، وتەیەکی پێشکەشکردو لەبەشێکیدا وتی: " لە مندالیمدا شەر تەواوی خەونەکانی دزیم... کە گەورە بووم شەر لە ئازیز و خۆشەویستانمی کردم... کە بووم باوکیش شەر کورەکانی لێسەندمەوە. لەم کوردستانەدا لە دەستدانی خۆشەویستان بووەتە رۆتین، ئێمە لێرە بە مەرزێك تەنراوین کە تەنانەت باڵندەکانیش ناتوانن لە ترسی ئاسمانی پر بۆمب و پر ژەهری کیمیاوی بەسەربەستی تیایدا بفرن"، لە کۆتایی وتەکەیشیدا وتی: " من قینم لە هیچ کەس و زمان و نەتەوەیەك نییە... هەمووان لێو بەخەندەین ئەو دەمەی بەختەوەرین و چاو بە گریان ئەو دەمەی خەمبار...هەموو عاشقین و رۆژێك دادێ کە دەمرین، بەڵام من تا ئێستاش ناتوانم لەوە حاڵی ببم، ئەی کەواتە هۆی چییە ئەوان رقیان لێمە؟!"

وەك هەوڵێکی نوێش وا بریارە کە هونەرمەند (سمکۆ ئەحمەد) لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی ژاپۆنی دا گرووپێکی شێوەکاری نێونەتەوەیی دابمەزرێنن بەناوی (گرووپی باران) و سەرجەم هونەرمەندانی دنیا لە هەرنەتەوەو زمانێك بن دەتوانن تیایدا ببنە ئەندام، بریاریشە کە لەئاییندەدا لە کوردستان وتۆکیۆدا بینالی تایبەت ڕێکبخەن.

